## پەرۆش ... خاڵەبەکر

سەروەرم..،
ئەو دەمەی یادت..
سەرقاڵی هۆنینەوەی ئەم شیعرەی کردم..
ئەندیشەم..،
بوو بە زەمینەی..
دوا یاری کردن و سەدای قاقاو تریقەکەت،
تیشێرت و بیجامەیەکی لەنێو شان و سەر پشتێنەت،
بچوکترو کوورتر پۆشیبوو..
مووچڕکەی یاد کێوی مەیلی خستە سەر چۆك..
فرمێسك، دیسانەوە،
تارمایی سیماتی بەبینایی بەخشی..
لەتۆ زیاتر چ نابینم.. !
نابەڵەد.. !
سینگ کوتانی قەڵەمەکەم..،
بەسەر دێڕەکانی بەرماڵە سپێکەدا ئەهێنم*،
ئیدی دەروو لە کوێ بێنم..،
کۆتایی بە چۆك دادانی مەیل و ئەم شیعرە بهێنم،
پەرۆش.. !
دکتاتۆرە خۆش زەبرەکەی سەراپا هۆشمەندیم.. !
زەردتر..،
ووشك تر..،
بەبارتر بێت..،
لەگەڵای دەم خەزان..
ئەو لێوانەی،
وەك زاهیدان و سۆفیان.. !
زیارەت و دیدەنی ڕوومەتەنانت ناکاو ناتدوێنێ..
لێڵ تر بێت.. !
کانی و بەری نیگای ئەو چاوانەی،
خۆشەویستی لێ نەتکێت و،
بەسۆزەوە تێت نەڕوانێ..،
شەرمەزار بێ.. !
سوێرە فرمێسکی دووری..
ناڕەوایی نەنوێنێت و،
خوار برژانکت نەڕوشێنێ..
پەڕەی گوڵی دڵە عەترینەکەت نەژاکێنێ..
دڵی نەیەت.. !
گرۆڵە مستی جودایی..

هیچ شوێنێکت بئێشێنێ،
کردنەوەی دەرگاو،
چاوەڕوانی و، سەرەتاتکێ،
لاڕێت پێ تەی نەکات و پیاهەڵزنێ..،
تا ئەو دەمەی..،
لێوی من و..،
چاوی من و..،
ناخی من و..،
دیداری من،
دابڕانمان ڕسوا ئەکاو..،
ئاسودەیی و شادبوونەوە ئەڕەخسێنێ..،
گەرووی مێژینی بێ بابەییشت،
هەناسەی سارد نەی تەزێنێ.. !
***

پەرۆش: دوا جگەر گۆشەمە.
*بەرماڵی سپی: مەبەست لە پەڕەی سپی کاغەزە.

bakeramin@hotmail. com